Komala Party _ Iranian Kurdistan
Central Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی

## راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:

### خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران, بە هەق لە کوردستان بە هەند وەرنەگیرا و خەڵکی کوردستان بەگشتی لەم نومایشی دژە دێمۆکراسیەدا بەشدارییان نەکرد.

نەك هەر کوردستان, بەڵکوو لە گشت ئێرانیش, سەرەڕای هەموو فێڵ‌و فەرەج و رەئی سازکردنێك, بەڵام رادەی بەشداربووان زۆر لە خوارێ بوو و لە دەوری یەکەم دا سەرۆك کۆمار هەڵنەبژێردرا و بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئیسلامی کەوتە دەوری دووهەم و ئەوەش لە خۆیدا بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ شکستی کۆماری ئیسلامی و بیزاری گەلانی ئێران لەو رژیمە.

ئێمە وێڕای سوپاسی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری نەکردنیان لە شانۆگەری هەڵبژاردندا, جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە هیچ پاساوێك نابێتە هۆی ئەوەی کە لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردن دەنگ برژێتە سندووقەکانی دەنگدان. بۆیە کۆمەڵە لە هەموو خەڵکی کوردستان داوا دەکات یەکدەنگتر لە دەوری ئەوەڵ تەحریمی هەڵبژاردن بکەن و ئەوە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و رزگاریخوازانە چاو لێبکەن و مەهێڵن کەس بچێتە پای سندووقی دەنگدان. تەنیا و تەنیا دەنگ نەدان لە هەر قۆناغێکی هەڵبژاردندا دەبێتە هۆی ئەوە کە مافەکانی خەڵکی کوردستان پارێزگای لێ بکرێ و پیلانی دوژمنانی گەلی کورد پووچەڵ بکرێتەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٤
٢٠٠٥/٦/٢١

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)**٣١٥٠٢٨٩
Tel: **(0044704)**٣١٦٠٧٥٢
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**